نێچیرڤان بارزانی پێشوازی کرد لە کونسوڵی نوێی چین

لەمیانەی کۆبوونەوەیەکدا لەنێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کونسوڵی گشتیی نوێی چین، بابەتی ڤیزای وڵاتی چین تاوتوێ کرا و جەخت لەوەێ کرایەوەێ کە بەمزووانەێ ئەم خزمەتگوزارییەێ لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیدارێکدا لەگڵ لیێن جیێن کونسولی گشتیی نوێی کۆماری چینی میللی، پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لێ کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، هەروەها هەموو پشتیوانییەکی لایەنێ پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ سەرخستنی ئەرکەکەی، دووپات کردەوە.

هەردوولا باسیان لە پەیوەندییەکانی چین لەگڵ عێراق و هەرێمی کوردستان کرد و جەختیان لە ئامادەیی و خواستی دوولایەنە بۆ بڕەودان بە پەیوەندییەکان و فراوانکردنی بوارەکانی هاریکاریی هاوبەش کردەوە.

هەر لەمبارەیەوە کونسولی گشتیی چین ئاماژەی بە پلانی داهاتوویان کرد بۆ کردنەوەی بەشی خزمەتگوزاریی ڤیزا و دروستکردنی بینای کونسولخانەیان لە هەولێر.

تاوتوێکردنی دواین پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە بگشتی، لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.